# ئەرێ ئێمە کورد نین وا لەزانکۆکانی کوردستان وەرناگیرێن

زۆر سەیرە لەوڵاتێکدا بژێت و مافی سروشتیت بێ رەوا نەبینرێ. ئێمەی کورد لەباشوری کوردستان ساڵەهابو بە دەستی رژێمە تۆتالیتاریێکەی بە عسەوە دەمانالاَند خوێندکار گەلێك هەبوون بەهۆی نیشتمان پەروەری خۆیانەوە ئەشکەنجە ئەدران زیندانی دەکران تاکو ئەو رادەیەی کە بەهۆی کوردبونیەوە نەیدەتوانی مەکتەب تەواوکات و یان ئەو دەرفەتەیانە پێ نەئەدات. لەدوای راپەرینە جەماوەریێکەی ساڵی (1991) ئەو دەمەی کە ئەو سێ پارێزگایەی کوردستانە لەژێر دەسەلاتی یەکێتی و پارتیدا بوون ئێدی ئێمە لەم دیو ماین ئەم دیو مەبەستم کەرکوك شنگال خورماتوو...تاد هەر لەژێر دەسەلاَتی بەعسدا ماین ئیدی لەماوەی زیاتر لەدەساڵ حکومەتی بەعس پتر باندۆڵ و فشاری خستبوە سەر کوردان. تاکە هیوامان ئەوەبو کەئەم رژێمە دیکتاتۆریە نەمێنێ ئەوەبو تەحەمولمان کرد تا ساڵێ (2003) ئیدی ئەو دەمەی کە ئەمریکا هاتە ئێراقەوە بە ماوەی چەند رۆژێك توانی ئێراق تەواو رزگارکات لەرژێمی ناوبراو. ئەو دەمانە مەبەستم دوای پرۆسەی ئازادیە ووتمان ئیدی تەواو کۆتای بەزۆرەبەگی هات و خەیاڵی وامانە هەبوو دەمانگوت لەوانیە ماوەیەکی تر ببین بە دەوڵەت نەمانزانی هیچ لەدوخەکە ناگۆری تەنیا ئەوەنەبێ ئەو سێ پارێزگای کوردستانە ناوەکەی لەئۆتۆنۆمیەوە گۆرایە فیدراڵی!. ئیدی ئەم ناوچانە هەر لەژێر سەیتەرەی حکومەتی ئێراقدا ماوە تا ئەمرۆ هەرچەندە ئەوان بە ناوچەیەکی کوردستانی دەزانن بەلاَم من لێرەدا بۆتان روندەکەمەوە کە فەرقێکی زۆر دەکەن لە نێوان ئەو سێ پارێزگایەی هەرێم و ئەم ناوچە کورد نیشینەکانی ئەم دیو.

وەك دەزانرێت لەدوای پرۆسەی ئازادی ئێراقەوە تارۆژگاری ئەم رۆمان بارو دۆخی ئێراق ئاڵۆزە رۆژانە تەقینەوە دەکرێت خەڵی سڤیل دەکوژرێت رفاندن لەئارادایە. تەنیا حکومەتی هەرێم نەبێت لەرووی ئەمنیەوە باشە. مەبەستی سەرەکی من لەم نوسینەدا ئەوەیە ئێمەی ئێمەی خوێندکارانی شەشی ئامادەی کەئەم ساڵ تەواومان کرد ئیدی کۆمەڵی قوتابی هەن ناویان لەشارەکانی ناوراستی ئێراق و موسل دەرچوە لای هەموو کەسێکیش ئاشکرایە لەماوە ئەم چەند ساڵەی زانکۆدا ئەگەری ئەوە هەیە کە بت کوژن بترفێنن یان تێکەویتەناو تەقینەوەیەکەوە. من بۆخۆم ئەمساڵ یان ئەبوایە برۆیشمایە بۆ بەغدا یان بۆ موسڵ بۆ تەواو کردنی خوێندن بەلاَم وەك باسم کرد بەهۆی رەوشی نا ئاسایشی ئەو شارانە هەرگیز نارۆم چونکە گەر برۆی دیارە خۆت بەدەستی خۆت بۆ ناو مەرگ دەرۆی . جا هیوامان وا بو کە برۆینە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ تەواو کردنی خوێندن کە وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێم نارِازیەو دەڵێن ئێوە گریدراوی حکومەتی ئێراقن گریدراوی ئێمە نیین؟. دەتوخوا ئەوە راستە ئەدی بۆ دەڵێن ئەم ناو چانە کوردستانیەو گوایە کار و خەبات دەکەن بۆ ئەوەی ئەم ناوچانە بگەرێتەوە باوەشی کوردستان. من ئێستا بارم لارە تۆ فریام نەکەوی دوای ئەوە هەرتۆم ناوێ گەر لە تەنگانەدا فریام نەکەوی.

بانگەوازی من بۆ وزارەتی خوێندنی باڵا ئەوەیە هەرچی زوترە قوتابیانی ئەم دیوی کوردستانیش وەرگرن لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان ئێمەش کوردین و مافی ئەوەمانە هەیە کە لە زانکۆ

کوردێکاندا بخوێنین. گەر نا ئەوە ئێمە دەبینە قوربانی ئەم رەوشە ناتوانین خوێندن بەردەوام کەین حالّی حازر...

خوێندکار

عەبدوڵلاّ ئەحمەد گەرمکی

خورماتوو

www.abdullagermiki@yahoo.com